# بەدڵڕەقیی ئاوڕێک لە ڕابوردوو بدەرەوە

بەختیار کەریم



هونەری شانۆ، هونەرێکی سیاسییە بە پلەی نایاب، هاوکات تاکە هونەرێکە کە تەنها مرۆڤ لە پەیوەندییدا لەگەڵ مرۆڤەکانی دی دەکاتە بابەت. هانا ئارێنت[1]

لە نیوەی دوومی هەشتاکاندا، هەرزەکارێکی تینووی خوێندنەوە لە دوکانی کتێبفرۆشێک لە شەقامی مەولەوی لە سلێمانی، دوو کتێب ئەمدیواو دیو دەکات و سەرنجی نرخەکانیان دەدات، پاشان گیرفانەکانی دەپشکنێت تا دڵنیابێت کە ئەو پارەیەی دایکی پێیداوە بۆ کڕینی سەروپێ بەشی ئەو دوو کتێبە دەکات. پاش دڵنیابوون لە تەواویی ئەو مشتە ئاسنەی گیرفانی، بیر لەو شەڕە دەکاتەوە کە لە ماڵەوە یەخەی دەگرێت، کاتێک دایکی میهرەبانی بۆ ڕۆژێکی تەواو لەسەر گەمژەیی کوڕەکەی ئەدوێت و دەرودراوسێ تێدەگەیەنێت کە کوڕە خوێڕیەکەی پارەی سەروپێکەی داوە بە دوو کتێبی حیز. بەڵام بۆ سەرسامیی ئەم هەرزەکارە ئەو ڕۆژە دایکی لەهەموو کاتێک میهرەبانتربوو، بە زەردەخەنیەکی ناوازەوە پێیدەڵێت: "هەتیو تۆ ئەوەندە خوێڕیت، ئەفلاتونی حەکیمیش بۆی ناکرێیت بە پیاو". ئەو دوو کتێبە حیزە لە یادی ئەو کوڕەدا جێگیر دەبن و پاش ساڵانێک پێیخۆشە دووبارە بیانخوێنێتەوە. ئەو دوو کتێبە یەکەمیان "بە توورەیی ئاوڕێک لە رابوردوو بدەرەوە"ی جۆن ئۆزبۆرنە و لە وەرگێڕانی "شیرزاد حەسەن"ە، و دووەمیان "مرۆڤ و دەوروبەر"ی "مەسعود موحەمەد"ە. تێگەیشتنی ئەوکاتی ئەو هەرزەکارە بۆ ئەو کتێبانە زۆر جیاوازن لە تێگەیشتنی هەنووکەی بۆ هەمان ئەو کتێبانە. نەک تەنها لەبەرئەوەی ئەو کات ئەو کتێبانە لەو یەکەم کتێبانە بوون کە خوێندبێتیەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو چێژەی لەو کتێبانەی بینی شایانی دووبارەبوونەوە نییە. تەنانەت ساڵانێک پاشتریش لە شانۆیەکی

---

[1] Arendt, Hanna, (1958), The Human Condition, Chicago: Chicago University Press, p.188.

شاری ئۆکسفۆرد، نمایشی دراماکەی ئۆزبۆرن ئەوەندە کاریگەری لە ناخیدا جێناهێڵێت کە ئەو خوێندنەوە هەرزەیەی ئەو کات بەجێیهێشت.

لێرەدا مەبەستمان خوێندنەوە و ڕانانی هیچ کام لەم دوو کتێبە بەنرخە نییە، ئەگەرچی هەڵدەگرن زۆریان لەسەر بگووترێت (بەتایبەتیی کتێبەکەی مەسعود موحەمەد کە کەمترین ئاوڕی لێدراوەتەوە). بەڵام نەدەکرا بە سەرنجێکی پڕ لە میهر ئاوڕێک لەو ڕابوردووە نەدەینەوە کە هەبوونی ئێستامانی نەخشاندەوە، چونکە ئێمە باس لە پیاوێک (جۆن ئۆزبۆرن) دەکەین کە ڕابوردوو ئاڵۆزترین قەیرانەکانی ژیانی نەخشاندووە، لەوەش زیاتر ڕابوردووی ئەم پیاوە و ئاوڕدانەوە توورەکەی وایلێکرد کە بۆ ساڵانێک ببێتە سێنتەری تێرامانی خوێنەران و شانۆدۆستان لە تەواوی جیهاندا. لێرەدا پێمان باشە ئەو دیوە ئەهریمەنییە دڵڕەقەی جۆن ئۆزبۆرنی شانۆنووس بەسەربکەینەوە زیاتر وەک لە دیوە داهێنەر و شادیدۆستەکەی ئەم مرۆڤە.

پەیوەندیی ئۆزبۆرن و کچەکەی یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین پەیوەندییەکانی نێوان باوک و کچێک، کە بەرجەستەی دڵڕەقییەکی وێنانەکراوی ئەم مرۆڤەمان بۆ دەکات. با پێکەوە بزانین چۆن باوکێکی ئەوها داهێنەر، ئێوارەیەک کچە شانزە ساڵانەکەی لە قەڵاکەی خۆی فڕێ دەداتە دەرەوە و پێیدەڵێت: برۆ و چیتر نامەوێت چاوم بە چارەت بکەوێتەوە. بەڵێ ئۆزبۆرن تا ئەو ڕۆژەش، کە لەسەری ساڵی 1994دا لە "شرۆپشێەر" مرد، ئامادەنەبوو لەو بڕیارە ئەهریمەنییە پاشگەزبێتەوە. ئایا ئەمە دڵڕەقییەکە کە دەکەوێتە ئەودیو تواناکانی خەیاڵاندنەوە، یان مافێکە بۆ ڕقلێبوون، هەوەک چۆن مافمان هەیە بۆ خۆشویستن؟ ئۆزبۆرن ئەو شتانەی دەگووت کە بیری لێدەکردنەوە و دەیویست بیانڵێت، بەبێ گوێدانە هەستی خەڵک، هەربۆیە ناوبانگی وەک درامانوسێکی کارامە هاوشان بوو لەگەڵ ناوبانگی وەک مرۆڤێکی تیژ و قسەلەڕوو. نەک هەر هێندە، بگرە بە ستانداردی ڕۆشنبیریی ئێمە، ئۆزبۆرن پیاوێکی ئێجگار جنێوفرۆش بوو، تاوانێک لە وڵاتی ئێمەدا سزاکەی زۆر قورسە. بۆیە با پێکەوە بڵێین: خۆشبەخت بوو ئۆزبۆرن کە کوڕی وڵاتی ئێمە نەبوو، دەنا ئێسکوپروسکی لە زینداندانەکاندا دەڕزا.

ئەم تایبەتمەندییانەی ئۆزبۆرن، هەندێکیان ناچارکرد بۆ بەرگرتن بە 'شۆڕشە شانۆییەکەی'، کەمترین ئاماژە بە تواناکانی بدەن و زۆرترین دوژمنایەتی بکەن. ئۆزبۆرن ئەگەرچی گاڵتەی بەوانە دەکرد کە ئەویان وەک پێشەوای شۆڕشێک دەناساند کە گۆڕانی ڕادیکاڵ و بنەڕەتی لە شانۆی ئینگلیزیدا ئەنجامدا، بەڵام هەستی بە هەوڵەکانی ئەوانەش دەکرد، کە دەیانخواست ئۆزبۆرن وەک هەڵاویرد بناسێنن کە لە تەوژم و ترادیسیۆنی شانۆیی لایداوە، نەک وەک ڕێسایەکی نوێ. لێرەدا قسەکردن لەسەر توانا و کاریگەرییەکانی ئۆزبۆرن بۆ ئەو ئەزیزانە جێدەهێڵین کە تایبەتمەندی شانۆن، هاوکات هەوڵ دەدەین بگەڕێینەوە بۆ لای ئۆزبۆرنی مرۆڤ. بۆئەوەیی لە پەیوەندیی ئۆزبۆرن و کیژەکەی تێبگەین، پێویستە سەرنجێک لە یاداشت و نامەکانی ئۆزبۆرن بدەین کە دەربارەی کچەکەی نووسیوونی، لێرەدا تەنها چەند دانەیەکیان وەردەگێڕین بۆ تێگەیشتن لە پێشینەی ئەو پەیوەندییە نادۆستانەیەی نێوان کچ و باوکێک.





1973/07/28

"نۆلان (کچەکەی ئۆزبۆرن، کە ئەوکات تەمەنی هەشت ساڵان بوو)، دە ڕۆژی دیکە دێت. من لەناخەوە تووشی شادییەکی قووڵ بووم. پێمخۆشە کە باشتر بیناسم، بەڵام گومانم هەیە لەوەی ئەوە شایانی کردن بێت."

1980 ئێدنبریج

"نۆلان: بەداخەوە کە نۆلان بێچوە مراویەکی ناشیرینە کە دواجار دەبێتە مراویەکی قەڵب و کەللەڕەق."

1987/02/24

یادی لەدایکبوونی نۆلان. خوا بیرژێنێت. بیستودوو ساڵی ڕەش.

1980/12/16

ئازیزم نۆلان

"دەمەوێت بیر لەمە بکەیتەوە: لەوانەیە ئەم نامەیە وەک کاردانەوەیەکی نابەجێ وەربگریت، لە بەرامبەر ڕووداوێکی گچکەدا (کە لەڕاستییدا وایە). چونکە ڕووداوی بچووک کارەساتی سیاسیی دەخولقێنێت. هۆکاری ئەوەی کە من ئەوەندە تووڕەم (باشتریشە کە لێرە نیت، دەنا بە مشتەکۆڵە ئەمدیواودیوی باخچەکەم پێدەکردیت) کردارێکی دیکەی خەمهێنە لە خۆپەرستییە بەردەوامەکەت.

خەڵک بەردەوام پێمدەڵێن کە کێشەکە پەیوەستە بە نەوەی ئێوەوە. ئەمە لەوانەیە وابێت، ئەگەر وایە، بەدڵنیاییەوە زۆر خەمناکە. زۆر گرانە بۆمن بڕوابکەم کە کۆی نەوەیەک بەو شێوە بەرخۆرییە لووتبەرز و نەزان بن.

ئەوەی بڕوای پێدەکەم ئەوەیە کە تۆ زۆر ناوازە دڵساردیت. ئەوە هەرگیز دەرئەنجامی ئەو ژیانە پڕ لە کێشە ناوەکییەی تۆ نییە یان گەورەبوونێکی سەخت(بەڕوونی تۆ هیچ ژیانێکی ناوەکییت نییە، تەنها کونێکی باو لە هەوادا، کە پێکهاتووە لە دەمەقاڵێی گەمژانە، کینە و لوتکەی پۆپی حیز (top of the fucking pops)). ئەوە دەرئەنجامی سروشتی قەڵبی خۆتە، کە بە ڕاستیی پێموایە کە سەرەکیترین دیاریی دایکتە بۆ تۆ. ئێستا دڵنیام لەوەی کە دەبوایە لە نیو یۆرک بەجێمبهێشتیتایە."

لێرەدا ئۆزبۆرن وەک لە نامەکەدا نووسیویەتی، پێویستی بە کوپێک چایە و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سەر هێرشەکانی بۆ سەر کیژە هەرزەکارەکەی و دەنووسێت:

**"ئەم دۆخەی ئێستا بۆ تۆ سوودی نییە و بۆ منیش جاڕسکەرە، من چیتر توانام نییە بەرگەی ئەم ڕێکخستنانەی ئێستا بگرم. لەوانەیە بە مارگرێت تاتچەر بڵێن خانمی پۆڵاین، بەڵام لانیکەم من ناچارنیم کە لە ماڵەکەی خۆمدا داڵدەی بدەم. بیرت نەچێت دوو پاواند و چل پێنس قەرزاریت. من ناوباگم بە نووسینی نامەی لەم جۆرە تاڵ پەیداکردوە، بەڵام ئەمەیان زۆر بەڕاستی دەنووسم. لەبەرئەوە خۆم ئیمزا دەکەم وەک، هیلاکترین و وەڕسترین باوک، جۆن ئۆسبۆرن."**

ئەم نامەیە لەچاو ئەو نامەیەدا کە ساڵێک پاشتر دەینووسێت زۆر نەرمونیانە. چونکە لەو نامەیەدا ئۆزبۆرن، کچەکەی لە ژیانی خۆی وەدەردەنێت، ماوەیەکی کەم بەرلەوەی نۆلان ببێت بە حەڤدە ساڵ، ئۆزبۆرن بۆی دەنووسێت:

1982/01/05

**چاوەکەم نۆلان**

**"یەکشەممە، پاش ئەوەی تۆ ڕۆیشتیت زۆر بە قووڵیی بیرم لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەردەوامی تۆ کردەوە، نەک تەنها لەم ماوەیەدا، بەڵکو لە سێ ساڵ و نیوی ڕابوردوودا.**

**لە ئاکامدا، دوو بڕیارمداوە: 1. پێویستە شوێنێکی دیکە بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی لێیبژیت. 2. هیچ بیانوویەک نییە بۆ بەردەوامیت لە خوێندن.**

**بێبایەخیت لە هەمبەر هەموو شتە ئەکادەمیەکان، جا لە هەر بوارێکدابن هونەر، نیگارکێشان، مۆسیقا یان هەر شتێکی دیکە، مانای ئەوەیە کە خوێندنی تۆ بەفیڕۆدانی کات، توانا و خولیاکانی خەڵکانی دیکەیە، ئەمانە و با هیچ ئاماژەیەک بەو بارستاییە داراییەی سەر شانی من نەدەین.**

**سەردانەکەی ئەم دواییەت لە کریسمسدا جگە لە بێزاریی و تووڕەیی هیچی دیکەی لێنەڕوا. ئەگەر جارێک خۆت سەغڵەت کرد و "شالیر"ت خوێندەوە، بۆ ئەم دێڕە بگەڕێ لە پەردەی یەکەمدا: 'چەند تیژترە لە ددانی مار گەر منداڵێکی سپڵەت هەبێت.'**

**لە سێ ساڵی ڕابوردوودا تۆ زۆر دڵڕەقانە سەلماندت کە هیچ گرنگی نادەیت بە هیچ کەسێک جگە لە خۆت. بڕۆ بەڕێی خۆتەوە. بەڵام دەستەبەرداری ئەو خۆشەویستی و وابەستەییە ساختەیە ببە بۆ هەموو کەس، لانیکەم بۆ ئەوانەی لەم ماڵەدان.**

**دڵی تۆ بێ چەندوچوون لە شوێنی ترە، شوێنێک بێ ڕۆح، خەیاڵ و شەهامەت.**

**هەرگیز لێم نەشاردوویتەوە کە چارەی ئەو هەتیوە ڤێزەونەم ناوێت کە بەردەوام هاوڕێیەتی دەکەیت. دەزانم تەنها هۆیەک بۆ سەردانی ئێمە و بەفیڕودانی چەند کاتژمێرێک لەگەڵماندا، بۆ کێشانەوەی پارەیە تا لەگەڵ کچە بازاڕییەکانی هاوڕێت و ئەو هەتیوە و برادەرە سەرخۆشەکانیدا خەرجی بکەیت.**

**هەرگیز ڕووینەداوە هیچ دایکێک شایانی کچی وەک تۆ بێت. خۆپەرستیی لەم جۆرە دەبێت تاکی خۆی هەبێت! یەک پارچە گۆشتی بێهونەر.**

**هێلین (ژنی پێنجەم و دواهەمینی ئۆزبۆرن) لەم دواییانەدا نەک تەنها وەک سەگ کاردەکات بۆ ئەوەی ژیان بەچێژتر بکات بۆ تۆ، بەڵکو خەڵکی دیکەش هەوڵ دەدەن. بەڵام لەپێناوی چیدا؟ بۆ ئەوەی ئاکامگیریی بکەم:**

**خۆت قەڵس مەکە بۆ ئەوەی بێیت بۆ ئێرە. تۆ خولیای ژیانێکی پووچ، بێگرفت، هەرزان و بێڕۆح دەکەیت. تۆ هەرگیز داوای متمانەت لەمن نەکردوە. ئێستاش داوای مەکە. لەسەروو هەموو شتێکەوە، پەنابردنم بۆ تووڕەیی بەکەم**

**وەرمەگرە. دەبینم تۆ ڕۆژانە درۆدەکەیت، خیانەت دەکەیت، خۆت گێل دەکەیت و دزیی دەکەیت. ئەمە شانۆگەرییەک نییە کە من بخوازم چیتر تەماشای بکەم."**

ئۆزبۆرن بەم شێوە توندوتیژە ماڵئاوایی لە کچەکەی دەکات، تەنانەت ئاگاداری دەکاتەوە کە باشترە بۆ ئیش بگەڕێت چونکە ئەو چیتر ئامادەنییە یارمەتی بدات. دەکرێت بڵێین کە ئەم جەنگەی دڵڕەقیی، دووبارەکردنەوەی هەمان دڵڕەقیی یەکێکە لە کاراکتەرەکانی ئۆزبۆرن لە درامای "بەڵگە ڕەتکراوەکان" (inadmissible evidence)دا، کە بەر لە لەدایکبوونی نۆلان نووسراوە. "بیڵ مەیتلاند"ی کاراکتەری ئەو درامایە، ئۆزبۆرنە بەر لەوەی باوک بێت، ئۆزبۆرنیش "بیڵ مەیتلاند"ە لەسەر شانۆی ژیان. دەشێت ئەمە ئەو ساتەوەختە بێت کە بەشانۆکردنی ژیان، یان دراماتایزەکردنی ژیان و پەلکێشکردنی ژیان بۆ سەر شانۆ پێچەوانە دەبێتەوە، ئەم جارە دراما و شانۆ دێنە نێو ژیانەوە، یان لە ژیاندا بە قورساییەکی زەوەندەوە خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

چەند هەفتەیەک بەر لەئێستا ئەو قەشەیەی کە نۆلانی کچی ئۆزبۆرنی لەخۆگرت پاش ئەوەی باوکی لەماڵەکەی خۆی دەریکرد، لە دادگایەکدا دانینا بە تاوانی دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەر چەند کچە هەرزەکارێک لە کەنیسەدا. جێگای سەرنجە لەیەکێک لەو نامانەدا کە ئۆزبۆرن بۆ ئەم قەشەیەی نووسیوە، بەوە تاوانباریدەکات، کە کچەکەی لە باوکی کردبێت و دەستی بەسەردا گرتبێت. بەڵام نۆلان یەکێک بوو لەوانەی گەواهییدا لەسەر کەسێتی قەشە، کە دواجار بووە هۆی کەمکردنەوەی سزاکەی. تۆ بڵێی نهێنیەک لەپشتی ئەم دڵڕەقییەی ئۆزبۆرنەوە هەبووبێت بۆ کچەکەی، نهێنیەک لەو جۆرەی کە مرۆڤ ناچارە لەگەڵ خۆیدا بیباتە گڵەوە. بەڵام بەدەر لەهەبوونی نهێنی، دڵڕەقیی ئۆزبۆرن شتێکە کە هەڵدەگرێت، بەهەمان ئاوڕدانەوەی تووڕەوە کە ئۆزبۆرن نیگای ڕابوردووی پێدەکرد، ئاوڕێکی تووڕەی لێبدرێتەوە.

سەرچاوە:

هەموو یاداشتەکانی جۆن ئۆزبۆرن لە چاوپێکەوتنێکی بایۆگرافەی ئۆزبۆرن لەگەڵ کچەکەی وەرگیراون، بڕوانە:
John Heilpern, The Guardian Saturday April 22, 2006